# سەردولکەی مەرگی شاعیرێك




ئه و سا تا نه ی

كه مه ست دەبم

دەستی خه فه ت

له با ڵا ی وشەکا نی

شیعر گرێ د ه د ه م

من و شیعر به یه كه وه ین

ئه و نامۆ ی...

رۆژێ د ا د ێ

منیش له به ر چاوی ئه و د ا

ته لقین د ه د ر ێ م

ئه و سا نه خۆ ر

پر چی د ه کا ته سا با تی

کۆ پڵه هه ڵچو ه کا نی

نێو هەگبەی چاوەڕوانیم
نەتریفەی مانگیش
لە ساتە تینوەکانی
ژوان دەپرسێ...
دەزانم تۆش
بۆ یادگاریەکانی
ئەوین دەگری
سەردولکەیەک دەهۆنیەوە
بۆ ئەو شاعیرەی
بە نامۆیی سەری ناوە
لە جیاتی گوڵ
کۆپڵە هەتیوەکانی
لە پرچی ژاکاوت
دەئاڵێنێ...
پەنجەکانت لە خوێنی
دڵی شاعیرێک سور دەکەیت

بەڵێن دەدەی ئەو شاعیرانەی
کە وەک ئاوریشم
بۆ باڵای چنیبوی
هەرگیز لەبەری نەکەیتەوە
بە گەڵا زەردەکانی
پایزیش دەڵێی
ئەو شاعیرەی
کە بە رووباری
چاوەکانی دەیشوشتنەوە
وەک ملوانکە
ریزی دەکردن.. بۆ گەردنم
ئەویش کەوتە
نێو باوەشی زەردتان
بە دەشت دەڵێی.. بەچیا
بەرووبار.. هەرچی جوانە
پێی دەڵێی.. لەمەودوا

کێ گیانی خۆی

دەکاتە چرایەک؟!

هەردەم بۆ ئێوە بسووتێ

ئێوەش رۆژ بە رۆژ

بۆی جوان ببنەوە...!